# شەڕی عەلمانیەت و ئیسلامی سیاسی
# سیناریۆیی (دەرکەوتن) و (خۆسەپاندن)

## عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

ئەوەی لێرەدا بەکورتی دەمانەوێت قسەی لێبکەین ئەو سیناریۆیانەیە کە بە ناوی ئیسلامی سیاسی و عەلمانییەتەوە کۆمەڵگەی کوردیی دەخاتە سەر حاڵەتێک لە چەواشە بوون و دەسخەرۆیی وبیرنەکردنەوە، پرسیاری سەرەکیمان لێرەدا ئەوەیە ئایا دەسەڵاتی کوردی تاچەند خاوەنی گرفتی مەعریفییە، کە یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی عەلمانییەت، چەند رێزی لە چەمکی هاوڵاتیبوون ناوە، ئەو هەوڵانەی کە بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی فیکریی و مەعریفی دەیدا کامانەیە؟ بەرامبەر ئەوەش ئایا بە راستی هێزە بەناو ئیسلامییەکان دەتوانن هەڵگری ئەزموونی عەقڵانیەتی سەردەم بن و کەمەکێک لە شەیدایی خۆیان بۆ سەربەرزییەکانی رابردوو کەمبکەنەوە، ئایا دەشێ لە بری چەمکی تاعەت بڕوا بە چەمکی جیاوازی بهێنن؟.

بە بڕوای ئێمە دەسەڵاتی کوردی بە رووی عەلمانیەتدا تەواو داخراوە، نەک لە بەر ئەوەی کە تاکو ئێستا نەیوێراوە باسی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئایینی بکات، بەڵکو لە بەر ئەوەی بە هەمان عەقڵییەتی غەیبانی و هەمان جیهانبینی و هەمان زەمەنی دوێنێ بیر دەکاتەوە، بە هەمان ئەو کەش و هەوا مەعنەوی و تەقلیدییە ئیش دەکات کە لە دەسەڵاتی ئایینیەوە بۆی بەجێماوە، بە واتایەکی دیکە نەیتوانیووە لە سەر بنەمایەکی تۆکمەی فیکری و مەعریفی وەک پێویست ئەزموونی خەیاڵکراوێکی دیکەی جیاواز لە خەیاڵکراوی ئایینی بێنێتە کایەوە، دواجار لە بیریشمان نەچێت عەلمانییەت دابڕانێکی ریشەییە لە هەموو ئەو شتانەی کە دەسەڵاتی ئایینی تەحەکومیان پێوە دەکات.

کەواتە ئەگەرچی دەسەڵاتی کوردی وەک رووخسارو بانگەشەکردن بە عەلمانییەتەوە دەنازێت، بەڵام وەک ناوەڕۆک و جەوهەر تا سەر ئێسقان ناعەلمانییە، بە دیوەکەی دیکەش ئیسلامی سیاسی نەک ناتوانێت واز لە غەیبانیەت و زەمەنە بەسەرچووەکەی خۆی بهێنێ بەڵکو هەوڵدەدات تەواوی داهێنان و ئەزموونە مرۆڤایەتیەکان لە هەمان زەمەنی ناوبراودا کورتبکاتەوە، هەمان زەمەن دەکاتە پێوەری ئێستاو ئایندەو هەوڵدەدات لە دووتوێی نادیارەوە پێوانەی دیار بکات .

بە مانایەکی دیکە دەشێ هەردوو لایەن لە خاڵێکی زۆر هەستیار لە یەکنزیک بکەینەوە ئەویش ئەوەیە کە هەردوو لا لە هەوڵی ئەوەدان کە گوتارە زانستییەکان بەرەو گوتاری کۆمەڵایەتی بەرن، ئەگەر بە نیسبەت ئیسلامی سیاسی ئەو شێوازە لە کارکردن پێشینەیەکی هەبێت، و بە جیهانبینی ئیسلامەوە پەیوەست بێت، ئەوە بە نیسبەت عەلمانیەت هەڵەیەکی گەورەیە، بەو مانایەی کەبەردەوام نکۆڵی لە حەقیقەتی رەها و سێنترالیزمیەت دەکات.

لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر بەشێک لەو پرۆپاگەندەیەی عەلمانیەکان و ئیسلامی سیاسی، سیاسەتکردن بێت بەرامبەر دەرەوە، ئەوە بەشێکی دیکەی جۆرێکە لە دیماگۆجییەت

بەرامبەر ناوەوە، لە بیریشمان نەچێت ئەو دوالیزمیەتە هەر تەنها کۆمەڵگەی کوردی ناگرێتەوە، بەڵکو تەواوی ژیانی خۆرهەڵاتی داگیر کردووە.

(1)

لێرە هەوڵدەدەین دوو نموونەی پانتایی ئەمرۆی رۆشنبیریی وەک بەڵگە بخەینە بەر دیدی خوێنەرانەوە، ئەویش مەسەلەی (دکتۆر کەمالی سەید قادر) و (مەریوان هەڵەبجەییە) هەڵبەتە بەیەکلکاندنی ئەو دوو مەسەلەی لەوێوە دێت کە دەمانەوێت ئاماژە بە کۆمەڵایەتیبوونی گوتاری زانستی بدەین، یان بە مانایەکی دیکە کە بە بڕوای من دەشێ زێتر پەیوەندی بە واقیعی ئێستای کۆمەڵگەوە هەبێت، ئەویش سیناریۆیی (دەرکەوتن) و (خۆسەپاندن) ە، بەڵام نەک بە مانای کێبڕکێی فیکری و مەعریفی، بەڵکو بە مانای ململانێی سیاسی، چونکە هەر دوو مەسەلەی ناوبراو لە رووی فیکرییەوە لە ئاستی پێویستدا نین.

بەڵام ئەگەر یەکەمیان ئەوەمان پێبڵێت کە لە بازاڕی جنێفرۆشان برەودارە، ئەوە دووەمیان ناراستەوخۆو بە شێوەیەکی دیکە هەمان شت دووبارە دەکاتەوە، واتە ئەگەر یەکەمیان لە ئاستی زمان و زمانی رەخنە نەتوانین وەک نووسین بیخەملێنین، ئەوە دووەمیان ناتوانین وەک فیکرو مەعریفە هیچ حیسابێکی بۆ بکەین، کەواتە هەردووکیان دەشێ خاڵێک بە یەکەوە کۆیان بکاتەوە ئەویش پەرگیرییە، پەرگیری یەکەمیان لەوەدایە کە لە ئاستی زمان و زمانی رەخنە ئەوەندە هەژارو لاوازە کە توانای دەنگدانەی جیدی تیا وندەبێت، وەک چۆن دووەمیان لە رووی مەعریفییەوە ئەوەندە کەمخوێنە کە بەهیچ کلۆجێ ناتوانێ بەرەو دیالۆگ و گفتوگۆو راڤەکردنی جیاوازو خەیاڵبینی جیاوازمان بکاتەوە، کەواتە هەردووکیان دەمانخەنە نێو شەڕێک کە شەڕی بە کۆمەڵایەتیکردنی گوتاری زانستییە، و بە تەواوی لە بەرژەوەندی هێزە ئایدیۆلۆژییە سیاسیەکانداییە، نەک رەخنە و کێبڕکێی فیکری و مەعریفی.

بە مانایەکی دیکە دەمانەوێت بڵێین پەرگیری بە هەموو شێوەکانی نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتییەو بەردەوام کار بۆ لەناوبردنی فیکرو داهێنان دەکات، چونکە جگە لە لێدانی جیاوازییەکان، جگە لە داخستنی رەهەندەکانی فیکرو زمان و مەعریفە شتێکی دیکەی لێناکەوێتەوە، پەیوەستکردنی ئەو دوو مەسەلەیە بە پەرگیری بەشی زۆری لەوێوە دێ کە هیچ یەک لەوانە لە ناوەوە بە بەڵگەی زانستی بابەتیانەی فیکرو مەعریفە چەکدار نیین، بە مانایەکی دیکە لە بری دروستکردن گومانی مەعریفی و دیالۆگی فیکری، لە بری بەڵگەی زانستی و بەرزگرتنی ئاستی زمانی رەخنە شەڕێکی سیاسیانەیان هێنایە کایەوە کە دواجار بەڕای ئێمە هەموو ئاستەکانی رەخنە و بیرکردنەوەیان بەرەو داخران برد، دەشێ بەشێکی دیکەی پەرگیری لەیەکەمیاندا بە هونەری نووسینەوە (ئەگەر ئەو ناونانە بشێ) بلکێ، چونکە کاتێ ئاستی زمان دەچێتە ئاستی بازارەوە، نووسین هونەرەکانی خۆی لە دەست دەدات.

ئەگەر بەشێکی پەرگیربوونی یەکەمیان لە بەبازاربوونی رەخنەی بونیاتنەر دابێت، لەوێوە نەیتوانیبێت جیاوازی لە نێوان سنووری توندوتیژی و سنووری رەخنەدا بکات، بەشێکی دیکەی پەرگیری دووەمیان لەوەدایە کە سەرەڕای ئەوەی پەردە دەخاتە سەر هەندێ شت و هەندێکی دیکە بەرجەستە دەکات، بیریش لە ناوکۆیی و زەمەنی ئەو ناوکۆییەکان ناکاتەوە، ئاگاشی لەوە نییە کە لە نێو خودی عەرەب کۆمەڵێک راڤە و خوێندنەوە بۆ رووە جیاوازەکانی

ئەو مەسەلانە کراوە، لەوێوە دەڵێم ئاگای لێ نییە کە بچوکترین ئاماژەی نەداوە، سەرەڕای ئەوەی وەک چۆن نەیتوانیووە راڤەکردن و لێکدانەوەیەکی دیکەیان بخاتە سەر، نەشیتوانیووە دیالۆگێگی مەعریفی و فیکری لەگەڵ ئەو فیکرە دۆگمخوازە دابهێنێ و فەزایەک بۆ بیرکردنەوەو فرە رەهەندی بهێنێتە کایەوە.

(2)

بەشێکی قسەکردنمان لەو دوو نموونەیە وەک گوتمان بە لێکنزیکبوونەوەی هەردوو لاوە پەیوەستە، هەردوو لا هەوڵدەدەن بە رێگەی جیا جیاوە گوتارە زانستییەکان بەرەو گوتاری کۆمەڵایەتی بەرن، دەمانەوێت بڵێین ئەگەر بەشێکی ئەو ئامادەکردنەی کتێبی (سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا) پاڵنەرێک بێ بۆ بە بیر هێنانەوەی کۆمەڵێک زانراو، بەشێکی شاردنەوەی ئەو قەیرانەیە کە دەسەڵاتی بەناو عەلمانییەتی کوردی دووچاری بووە، بەڵگەشمان بۆ ئەو رستەیە لەوێوە دێت کە تاکو ئێستا عەلمانییەتی کوردی نەیتوانیووە پێشکەوتنێکی دیار لە رووی جیهانبینی و عەقڵ و فیکرەوە پێشکەش بە کۆمەڵگەی کوردی بکات، هەروەک نەیتوانیووە نرخ بۆ هەڵوێست و ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دابنێت،و لە سەر بنەمای دراسەکردنێکی زانستیانەو بابەتیانە بێتە ناوەوەو لەوێوە کۆدەنگییەکی عەقڵی بەدەست بهێنێ، بەڵکو بە هەمان بیرکردنەوەی پەرگیرانە دەکەوێتە نێو شەیدایی یەقینەکانەوەو کار بۆ بەموڵکردنی حەقیقەت دەکات، نەک هەر هێندەش بەڵکو تا سنووری ئیستبداد دەڕواو دەیەوێ بڵێ من دەوڵەتم، ئەوەش بە بڕوای ئێمە بەرهەمی دوو جۆر لە تێنەگەیشتنە، یەکەمیان ئەوەیە کە نەیتوانیووە واقیعی کوردی ناس بکات، و جیاوازییەکانی قبوڵ نییە، دووەمیان نەیتوانیووە رێگەیەکی گونجاو بۆ گەیشتن بە ئەویدیکە بدۆزێتەوە، بێ پێشێلکردنی ئازادییەکان.

بەشێکی دیکەی قسەکردنمان بەجۆرێک لە جۆرەکان قسەکردنە لە سەر ئەخلاقییەتی نووسین، بەومانایەی کە نووسین خۆی لە بەرزگرتنی ئاستی زمان و بیرکردنەوەو خەیاڵکردن هەڵدەگرێتەوە، بەو مانایەی کە هەڵگری مەعریفەو عەقڵ و زانستە، بەو مانایەی کە خاوەنی جیهانبینی جیاوازە، هەر لە میانی ئەو ئەخلاقیەتەشەوە دەشێ فەزایەک بۆ خوێندنەوەی جیاوازو بیرکردنەوەو لێکدانەوەی جیاواز فەراهەم بکەین، دەمەوێ بڵێم نووسین دەکەوێتە دەرەوەی پەرگیرییەوە، چونکە نووسین لە دەرەوەی خەیاڵ و بیرکردنەوەو دیدو جیهانبینی نوێوە، لە دەرەوەی دروستکردنی گفتوگۆی مەعریفی و لێکدانەوەی رەخنەیی جیاوازەوە هەرگیز ناتوانێت زیندوویەتی خۆی بسەلمێنێت.

لە سەر ئەو بنەمایە دەتوانین بڵێین کتێبی (سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا) لە جوانترین پێناسەدا بەرجەستەکردنی کۆمەڵێک زانراوە بە نیازو مەبەستێکی دیاریکراو، نەک لە پێناو فیکرو دنیابینی و مەعریفەیەکی دیکە، بۆیە وەک ئامادەکردنێکی بێ بەرهەم دەکەوێتەوە چونکە نەیتوانیووە بە شێوەیەکی زانستی و میتۆدیانە دیاردە ناوبراوەکان راڤە بکاتەوەو خوێندنەوەی دیکەیان بۆ بە ئەنجام بگەیەنێت. بە هەمان شێوەش ئایا دەشێ جنێودان وەک رەخنەو بیروڕاو هەڵوێست و لێکدانەوەی زانستیانە سەیر بکەین؟.

(3)

بەڵام کاتێک هێزە عەلمانیەکە بە ڕێگەیەکی زۆر ناشایستەوناموٚدێرنانە، بە ڕێگەیەک کە تەواو لەگەڵ مافی مرۆڤ و بیرورای ئازادو دیموکراسیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی دژ دەکەوێتەوە، دێ (دکتۆر کەمالی سەید قادر) دەرفێنێ و پاشان لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی دیکە دەیگوازێتەوە، ئێمە لێرەوە دەپرسین دەبێ ئەو شێوە مامەڵەکردنە سەر بە کام ڕێساو یاسای مەدەنی بێت، دەبێ پێناسەمان بۆ ئەو هێزە لە کام مۆدیلی عەلمانیەتەوە هەڵگرینەوە؟.

بە بڕوای من ئەگەرچی ڕەنگە زۆربەی خوێنەرە جیدیەکانی پانتایی ڕۆشنبیریی کوردی لەگەڵ ئەو شێوازە لە نووسیندا نەبن، بەڵام بە دڵنیاییشەوە شێوازی گرتنەکەش لە باشترین حاڵەتدا چەمکی دیسپۆتیزم و تۆتالیتێرییەتمان بیر دەخاتەوە، دواجار ئەو خەسڵەتە لە سەرکوتکردنی سەرپێچیکەران جگە لەوەی لەناوبردنی ئازادی تاکە کەس و سانسۆرکردنی هەموو جۆرە چالاکییە ئەدەبی هونەریەکانە، بە دیوەکەی دیکەش خۆسەپاندنە بە سەر تەواوی کۆمەڵگەو بێنرخکردنی وزەو هێزی کۆمەڵگە و تاکە کەسە لە پێناو دەسەڵاتدا، بە مانایەکی دیکە بەربەرەکانیکردنی ڕەخنە و هەڵوێست و بیروڕای جیاواز بەو شێوەیە جگە لەوەی تەعبیر لە داخران دەکات، بە دیوەکەی دیکەش ناراستەوخۆ داکۆکیکردنە لە گەندەڵی.

ئەگەر مەسەلەی یەکەم بە مانا کۆنەپەرستیەکە خۆی لە جۆرێک لە سیاسەتکردن نزیک بکاتەوەو چەمکی (خۆسەپاندن) لەخۆ بگرێت، ئەوە مەسەلەی دووەم بە هەمان شێوە خۆی لە جۆرێک لە سیاسەتکردن نزیک دەکاتەوەو چەمکی (دەرکەوتن) بەرجەستە دەکات، واتە لە پشت ئەو گەلەکۆمیەو فتوایانەی کە هێزە بە ناو عەلمانییەکە ڕێگەیان بۆ خۆش دەکەن، جگە لە بێنرخکردنی بەهای مرۆڤایەتی، جگە لە لێدانی خود، جگە لە بێنرخکردنی جیاوازی و پێشێلکردنی مافی تاک، بێنرخکردن و چەواشەکردنی کۆمەڵگەش دێنێتە ناوەوە.

بەڵام کارەساتی یەکەمیان لەوەدایە هێزێکی عەلمانی پێی هەڵدەسێ، لە بەرامبەر مرۆڤێکی عەلمانیدا، بەڵام کارەساتی دووەمیان ئەگەرچی هێزێکی عەلمانیی پێی هەڵناسێ بەڵام تا ڕادەیەک ڕێگەخۆش دەکات، وەک ئەوە وایە کە خۆی پێی هەڵبسێ، لەو کەمتەرخەمی و ڕەخسانی ئەو دەرفەتەشەوە هێزە ئیسلامییەکە لە لاوازی و ناتۆکمەبوونی عەلمانیەکەوە دێ ئەو شێوە ناس نەکردنە بۆ خۆی دەقۆزێتەوەو لە ڕێگەی بەرنامەیەکی سیاسیانەو بە ڕێگەی جیاواز هەوڵدەدا بۆ (دەرکەوتن) سوود لەو هەلە زێڕینە وەربگرێت.

شەڕی یەکەمیان بە هەرچی ناوێک بێت، جگە لە شەڕی خۆسەپاندن شتێکی دیکەی لێناکەوێتەوە، وەک چۆن شەڕی دووەمیان جگە لە غەریزەی دەرکەوتن بە مانا سیاسیەکەی هەڵگری مانایەکی دیکە نییە، مەبەستمە بڵێم ئەگەرچی لە پشت شەڕی یەکەم بانگەشە بۆ ڕەخنەو یاسا دەکرێ، بەڵام لە خوێندنەوەی ئەو وتارەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ یەکێک لەوانە وەک پێویست بوونی نییە، وەک چۆن لە مەسەلەی دووەمدا نە فیکر قسە دەکات نە بەرگریکردنی عەلمانیانە لە فیکر وجودی هەیە، هەردوو شەڕەکەش لەلایەک لە سەر ناوزڕاندن و بێنرخکردنی جیاوازی کار دەکەن، لە لایەکی دیکەش لەبەر ئەوەی هەڵگری فیکرو مەعریفە نیین بەو مانایەی کە فیکرو مەعریفە دیالۆگ و لێکدانەوەی جیاوازو ڕاڤەکردن دەنوێنێ، بۆیە دەتوانین بڵێین جگە لە چەواشەکردنی کۆمەڵگە، بێنرخکردنی

نووسین و جیاوازی، بێنرخکردنی بەهاکانی مرۆڤایەتی، بێنرخکردنی فیکرو مەعریفەشی لەخۆدا هەڵگرتووە.
دواجار دەمەوێ بڵێم وەک چۆن بە کۆمەڵایەتیکردنی گوتاری زانستی هەڵەیەکی گەورەی هێزە عەلمانییەکانە، بە هەمان شێوەش بە سیاسەتکردنی گوتاری ئایینی هەڵەیکی گەورەیە کە هێزە ئایینییەکان پێیهەڵدەسن، بە دیوەکەی دیکەش کارکردن لە نێو ئەو دوو کایەیە وەک چۆن دراسەکردن و قووڵبوونەوەی تایبەت بەخۆی پێویستە، بە هەمان شێوە بێ دراسەکردنی کۆمەڵگەو کۆششکردنی بەردەوام مەحاڵە وەک پێویست بتوانی لەگەڵ ژیان رێبکەیت، ئەو رستەیەش لەوێوە دێت کە ژیان بەردەوام پێویستی بە خوێندنەوەو لێوردبوونەوەی جیاواز، و بەردەوام پێویستی بە هەڵوەشانەوەو بونیادنانەوەو نوێبوونەوەدایە.

هەولێر
25/2/2006